# تابلۆیەکانی مەدحەت

**ئەدۆنیس**

**لە عارەبییەوە: عەلا ڕەمەزان**

ئەگەر مرۆڤ بە وردیی سەیری تابلۆیەکەی مەدحەت عەلی بکات، خێرا هەست بەوە دەکات، کە بە هێزێکی زۆرەوە دەربارەی سۆفیگەریی دەدوێت. وادەردەکەوێت، خامی تابلۆیەکە، لەگەڵ پەتی ئارەزووی دڵ و جەستە چنراوە. وەک ئەوە وایە ڕەنگەکان لەسەرچاوەی سروشتەوە هاتبن، وەک چۆن ڕۆژانە ئاوازیان داڕێژراوە. ئەم تابلۆیە، شانۆگەرییەکی پەیامهەڵگرە لە نێوان دیار و نادیار، ئەم دوو کیشوەرە، کە بوونە هۆی دۆزینەوەی ڕۆشنبیرییەتی ئێمە. ئەم کۆتاییە دڵڕفێنە، بە دڵنیاییەوە، ئێمە بێەندازە دیل کراوین، بەڵام دابەزین بۆ سەرەتا، نهێنیی زۆرمان بۆ ئاشکرا دەکات، بۆیە دواتر، ئێمە ئەوەندەی تر، دیل دەکرێین. ئەمە لە شێوەی شانۆگەرییەکی گەڕۆکە، بە خەمبارییەکی تایبەتمەند و نامۆ. هەروها لە سەرچاوەی ئازارێکی مەزنەوە هاتووە و لە هەمانکاتدا وەک هاوبەش و جیهانیی دەژییێت. پێوەندیی نێوان ڕەنگ و شتەکان، تەنیا چرکەیەکە لە یەکبوون لە نێوان کاتی ونبوون و بوون لە بوون، لەو کاتەدا خەیاڵ بەرجەستە دەبێت، دواتر هەست دەکەین ئەم پرسە نادیارانە دەبەخشینە تووخمەکان، وەک چۆن دەبوو شەوی شتەکان، بە هەمان نووری ڕۆژەکەی، خۆی ڕووناک بکات.